# بناخەکانی عیلمی سیاسەت

## بەشی چوارەم

نووسینی عەبدولرەحمان عالم
وەرگێڕ: ب ـ پەژار



لەبەشی پێشوو دا ئەو پرسیارەمان خستە روو کە ئایا سیاست زانستە؟ باسمان لەرەخنەی زانانیان کرد و هەروەها ئەو موافقانی بە زانستی ناسینی سیاستمان خستە بەرچاو و ئەوەمان باس کرد کە زانستی کۆمەڵایەتی، ئەگەر دەقیق نەبێ ئەو ئاشکرایە کە زانستە و زانستی سیاسەت لقێکە لە زانستی کۆمەڵایەتی. ئێستا درێژەی وەرگێڕانی زانستی سیاسەت دەخەینە بەرچاو.

زانستی کۆمەڵایەتی بە شێوەی گشتی ئەو تایبەتمەندیەی هەیە. هەروەك دەزانین زانستی سروشتی لە گەڵ بەستەڵەك و مەیوەکان (جامدات) گژ و گیا و گیانەوران، تەنیا لە لە بەر ئەوەی گیانەوەرن پێوەندی هەیە. بەڵام زانستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مرۆڤ وەك ئەندامی کۆمەڵگا پێوەندی هەیە. بە پێچەوانەی زانایانی کۆمەڵایەتی، زانا و پسپۆرانی سروشت ناسی لە گەڵ مەوزوعی تایبەت بە خۆی کار دەکا، ئەو بابەتەی کە موتالا و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکا لە هەموو جێگەیێك وەك یەکە، بۆ نمونە، ٢+٢ دەکاتە چوار، یان ئاو لە هەموو جێگەیێك تا پلەی گەرمای ١٠٠ دەرجە دەکولێ، بەڵام ئەو نەوعە بەرانبەر کرد بۆ مرۆڤ ناکرێ. مرۆڤ بیر و تەگبیر و ئیرادەی ئازادی هەیە و تاکەکان لە بەرانبەر مەبەستە تایبەتەکان کاردانەوەی جیاجیا نیشان دەدەن.هەر جۆرە ئاکام وەرگرتنێك، بە پێ ی ئەو ئاکامە نادیارانە، ئەگەری بە هەڵەدا چوون لێیان هەیە و بێ لێپرسینەوە لە ئەگەرەکانی هەڵە زۆر جار گران دەبێ.

جیاواز لەوە، دەکرێ دیاردە سروشتیەکان بە هاسانی لە تاقیگە کۆنترۆڵ بکرێ و موتالای لە سەر بکرێ و بەو پێ یە ناسینی هۆ و هۆکارەکان ئاسان دەبێ. بەڵام دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەو شێوە نیە. نە تەنیا مەبەستەکانی مرۆڤ ئاڵۆزن، بەڵکو هیچ زەمانەتێك نیە کە هۆکانی ناپێوەندیدار کاریگەری لە سەر رووداوەکان نەبێ. سەختیەکان کاتێك زیاتر دەبێ کە هیچ لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی نەتوانێ ئەو مەوزوعەی لێکۆڵینەوەی لە سەر کردووە لە تاقیگەکانی شرۆڤەکردن بخاتە بەر شیکردنەوە و بیداتە بەر جۆرها تاقیکردنەوە تا بە ئاکام بگا. دیارە زانای سروشت ناس کە کەلوپەلی ئەندازە گرتنی دەقیقی بۆ بەراورد کردن لە بەردەستدایە، لە بەرانبەردا زانای باری کۆمەڵایەتی، هیچ نەوعە کەلوپەل و دەزگاییێکی نیە تا هاوکاری بکا بۆ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەکەی.

لە گەڵ ئەو سەختیانەش زانستی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنی زۆری وەدەست هێناوە. بەڵام ناتوانین چاوەرێ بین کە هیچ کام لە لقەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەرادەی زانستی سروشتی ورد و دەقیق بن. ئەوە لە هەڵەی لێکۆڵەرەوان و زانایانی باری کۆمەڵاتی نیە، بەڵکو، هەروەك ئەرەستو گوتویەتی، سەرچاوەکەی لە سروشتی زانستی کۆمەڵایەتیە.شتێك کە ئەو زانستە لە زانایانی دەوێ ئەوەیە کە دووری بکەن لە خۆ پەسەندی و رێوشوێنێکی زانستی قەبوڵ بکەن و بە کاری بێنن، رێگە لە دەست تێوەردانی جیهان بینی و هەستی خۆیان لە ناسینی راستیەکان و وەك زانا دەبێ زیاتر سەرنج بدەنە راستیەکان تا ئەوەی ئاکامیان چییە.

دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە زانستی سیاسەت بەرادەی زانستی سروشت ناسی دەقیق و ورد نیە.هەروەك پێشتر گوتمان، زانستی سیاسەت تەنانەت ووشە زانستیەکانیشی رێك نیە و کۆ دەنگی نییە لە سەریان.

ووشە سیاسیەکان بۆ کەسە جیاجیاکان مانای جیایان هەیە و بنەما و ئاکامی زانستی سیاسی بە تەواوی پێداگری لە سەر ناکرێ. ناکرێ هیچ رووداوێکیش بە ووردی و دروستی پێش بینی بکرێ. مەبەست و خواستی مرۆڤەکان ئاڵۆز و ناروونە، دیاردە باوەکان و کۆمەڵگاش کاریگەرییان هەیە، بەو جۆرەش شێوەیێك لە بەردەوام بوون و لە یەك چوون لە ویستەکانی مرۆڤەکان، بوونی هەیە کە دەکرێ بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە.

جیاوازی لە بیروبۆچوونی سیاسەت ناسان لە بارەی بنەماکانی زانستی سیاسەت، نابێ سەیر و سەر سوڕهێنەر بێ، زانستی سیاسەت، تەنیا زانستێکە کە سەلمێندراو نیە کە کاری تەنیا کۆ کردنەوەی راستیەکان بێ و بە شێوەی تۆکمە پەیوەندیان رێکبخا. ئەگەر بەو شێوە بوایە ناکۆکی لێ نەدەکەوتەوە. زانستی سیاسەت کە زانستێکی تێکەڵ و ئاڵۆزە تەنیا کاری هەڵسەنگاندنی ئەوە نیە کە وجودی هەیە، بەڵکوو موتالای ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانە دەکا بۆ گەیشتن بە مەبەستە دیارەکان، بەو پێیەی کە داوەری کردنی کەڵك و بایەخەکان لە لایەن هیچ کام لە سیاسەت ناسانەوە ناکرێ وەك یەك بێ، ناکوکی لە پێوەندی بە مەبەستە باشەکان لە تێکۆشانی مرۆڤ لە پێوەند بە مەسەلە سیاسیەکان نکۆڵی نەکراوە،دیارە ئەو ناکۆکیانە کار دەکاتە سەر لێکۆڵینەوەکان. بەو حاڵەش، ناوەندەکانی کە لەبارەیانەوە هاوبەشی و هاونەزەری لەسەریان هەیە، خەریکن دێنە مەیدان. هەروەها ئێستا لە ناو لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان لە مەڕ رێوشوێنی باش بۆ بەراورد کردنی دیاردە سیاسیەکان رێکەوتنێکی جێ پەسەند دەبیندرێ. بەو پێیە هۆیەك نیە سیاسی بوونی زانستی سیاسەت رەد بکاتەوە.

ئەو قسەیە بەو مانایە نیە کە زانستی سیاسەت تا ئێستاش زانستێك نیە کە بە کەمی گەشەی کردووە. بەدوادا چوونی بەردەوام و قەبوڵ کردنی رێوشوێنی پێویست شەرتی سەرەتاییە بۆ گەشە کردنی زانستی سیاسی لە داهاتوودا. هیچ شەقامێکی گەورە تا ئێستا دروست نەکراوە، بەڵام ئەو کوێرە رێگانەی پێشڕەوانی ئەو ئەو زانستە دروستیان کرد، بە تێپەرین پێ یاندا دەتواندرێ ئەو زانستە سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە، هەروەك برنارد شاو، دەڵێ تەمەدون رزگاری بێ، و ئەگەر زانستی سیاسەت هەڵگری ئەو پەیامە بێ، دەبێتە هونەری هەرە بەرزی مرۆڤ، هونەرێك کە لە خودی سیاسەتدا خۆی شاردۆتەوە.

### شوێن و جێگەی زانستی سیاسەت لە دیموکراسیدا:

سەردەمی ئێستا سەردمی دیموکراسیە و جەماوەر لە دیاری کردنی سیاسەت و کردارە تایبەتەکانی سیاسی کاریگەری گەورەیان هەیە. سیاسەت، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، تێکڕای مرۆڤەکان دگرێتەوە. زانستی سیاسەت بنەمایەك دیاری دەکا کە لە کاروباری گشتیدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ. زانستی سیاسەت خەڵك لە مافەکان و بەرپرسیایەتیەکانی ئاگادار دەکاتەوە. خەڵك لە پەیوەند بە ئامانج و ئەرکەکانی دەوڵەت، شوێنی تاك و پەیوەندی بە دەسەڵاتی دەوڵەت ئاگادار دەبێتەوە. جەماوەرێکی خاوەن هەلومەرجێکی لەو شێوە دەتوانێ لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەرکی گرینگیان لە ئەستۆ بێ. لەو وولاتانەی کە خەڵك زانیاری سیاسیان نیە، پێوەرەکانی ژیانی سیاسی، بەرێوەبەری کاروباری گشتی، و دیاری کردنی سیاسەتوانان لە پلەیێکی نزمدایە. هەربۆیە رێبەران بەرپرسی کردەوەکانی خۆیان نین وگرینگی بە رەخنەکان نادەن.

مەبەستی سەرەکی لە فێر بوونی زانستی سیاسەت، ؚدانانی زانیاری سیاسی بە جەماوەرە لە کۆمەڵگەیێکی ئازاد. زانیاری و ئاگاداری سیاسی جەماوەر و هەست کردن بە بەرپرسایەتیان لە بەرانبەر چارەنووسی گشتی خۆیان و وولاتیان دەبێتە هۆی مانەوەی کۆمەڵگاییێکی ئەوتۆ کە جێ پەسەندیان بێ. ئەگەر ئەو شێوە زانیاری و ئاگاداریە نەبێ، گۆمەڵگا هەڵدەوەشێ و لە ناودەچێ. زانیاری و تێگەیشتن لە وردەکاریەکانی حکومەت و سیاسەت، نرخێکە کە تێکڕای خەڵك دەبێ بۆ بەرێوە چوونی ژیانیانی باشتر بیدن. زانستی سیاسەت هەولدەدا ئەو نەوعە زانیاریانە دروست بکا، تەنیا دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵگە نیە بۆ بەشداری کردن لە سیاسەتدا، بەڵکو زانینی وەڵامی راست بە پرسیارە سیاسیەکان پێویستە. خەڵك دەبێ بزانن حکومەتی وولاتەکەیان چۆن کار دەکا، هەروەها دەبێ بزانن کە لەو دیوی سیاسەتە تایبەکان چ قازانج و هێزێك وجودی هەیە و ئاکامی هەڵسوکەوتی سیاسەتی ئەو شێوە چیی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها چ کەسانێك لە لایەن ئەوانەوە هەڵبژیردراون و لە بەر چ مەبەستێك هەڵیانبژاردون. نەبونی زانیاری و ووشیاری سیاسی زۆر جار، دەبێتە هۆی بە فیڕۆ چوونی وولاتان و ژیانی ئینسانەکان.

زانستی سیاسەت هەروەها هەوڵدەدا کەسانی خاوەن بەهرە و ئارەزوومەند بار بهێنێ بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی کاروباری سیاسی وەك پەروەردە، کاروباری ئیداریی لە وولات و کاروباری دەرەوەیی (خارجی). ئەو ئەرکەی زانستی سیاسەت بە شێوەی گشتی لە زانستگەکان جێ بە جێ دەکرێ و ئەو کەسانە پلەیان پێدەدرێ.

### رێوشوێنەکانی زانستی سیاسەت:

١ـ مەسەلەی رێوشوێن ناسی!

لە پێش سەدەی نۆزدەهەم زانستی سیاست، وەك بەشێکی خوێندن لە زانستگا تەنیا لە وولاتی سوئید وجودی هەبوو، لە دوایی لە ئەمریکا و لە وولاتانی دیکە پەیدا بوو. سەرهەڵدان و پەیدابوونی وەك بەشێکی زانستی سەربخۆ و نوێ، لە ئاکامی رەها بوونی بیرو ئەندیشەی رۆژئاواییەکان لە دەسەڵاتە نا سروشتیەکان بوو. ئەو دەسەڵات و نیزامانە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیان کردبوە " بیری ناسروشتی و دیاردە نائاسایی و ئەخلاقیەکان بێ ئەولا و ئەولا" هۆی ئەو ئازادی و رزگاری لە ئەندیشەدا، بەکارهێنانی رێوشوێنی زانستی لە موتالا و خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی بوو.

لە دێر زەمانەوە، بیرمەندانی سیاسی سەرنجیان لە سەر مەسەلەی لێکۆڵینەوە بۆ ناسینی خەت و بەرنامە سیاسیەکان بووە. ئیفلاتون، ئەرەستوو، ماکیاڤیلی، بۆردین، هابز، ویکو،مونتسیکو و ئەوانی دیکە، هەرکامیان رێگە و بەرنامەی تایبەت بە خۆیان هەبوە. لە دوای پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕ لە موتالا کردنی سیاسی وەك بەشێکی زانستی سەربەخۆ، مەسەلەی خەت و بەرنامە ناسی کەوتە بەر سەرنج. "ئوگۆست کۆنت" باوەڕی وابوو کە فەننی دروستی خوێندنەوەی زانستی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، بریتین لەوەی کە دەبیندرێ، ئەزموون و بەراورد کردن. لە لایێکی دیکەوە "میل" باوەری وابوو تاقیکردنەوە و تەجرووبەکردن و بەرنامەکانی هەندەسی هەر بە تەنیا، بە هەڵەماندا دەبەن و تەنیا بەرنامەکانی دروست بۆ موتالاَ کردنی سیاسی، پێوانە و ئەندازە گرتنی دروست، رێوشوێنی مێژوویە. هەروەها بلونشلی باوەری وابوو کە تەنیا رێوشوێنە مێژوویی و فەلسەفەییەکان دروستن، هەر چەند ئەو دژایەتی لەگەڵ بەکار هێنانی رێوشوێنی ئەزموونی و فەلسەفی ـ مێژوویی نەبوو. "سی لی" لایەنگریی لە رێوشوێنی لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوون دەکرد. جیمز بریس دەیگوت رێوشوێنی دروست بریتین لە بینین، ئەزموون، رێگای مێژوویی و جێبەجێکردن.

گارنەر لە گەڵ ئەوەی رێوشوێنەکانی دیکەی پێ باش بوو، رێوشوێنی جێبەجێکردن و بەراورد کردنی بە باشتر دەزانێ کە بە بۆچوونی ئەو بەرادەیێك بەرینە کە رەوتە کۆبووەکان، رێکخستن و سازماندان، ریزبەندی، بەرانبەرکردن،ورەش کردنەوە و بەراورد کردنیش لە خۆ دەگرێ.

بە پێ بۆچوونی ئەو رێوشوێنی مێژوویی تەنیا شێوەیێکی تایبەتە لە رێوشوێنی جێبەجێکردن.

چارلز مریام، چوار قوناغی سەرەکی رەوتی پەرەسەندنی زانستی سیاسەت و رێوشوێنەکانی لە ئەمریکا دەست نیشان کرد. بە ووتەی ئەو تا ساڵی ١٨٥٠ رێوشوێنەکانی فەلسەفی و پێوانەیی جێ سەرنج بووە. لە ساڵی ١٨٥٠ تا ١٩٠٠ رێوشوێنی مێژوویی و جێبەجێکردن بە کار دەهات. لە ١٩٠٠ تا ١٩٢٣ بینین، هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن رێ و شوێنێك بوون کە چەندەها جار بە کار هاتوون. لە ساڵی ١٩٢٣ بە دواوە، هەڵسەنگاندن و دەرون ناسی دیاردە سیاسیەکان بە رادەیێکی زۆر پەرەی سەند. ئەگەر ئاڵوگۆڕە ؚ زانستیەکانی سەرانسەری جیهان لە بەرچاو بگیرێ، دەردەکەوێ کە ئەو رێوشوێنانەی باسیان کرا تێکڕای ئاکامەکان و رێوشوێنە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەی سیاسی لە خۆ ناگرێ. دەکرێ ئاماژە بە رێوشوێنی دیالیکتی مارکسیزم بکەین کە دیاردەکان لە پەیوەندی دەروونی بەرانبەر یەك هەڵدەسەنگێنێ. مونتی پالمر و هاوکارانی، بە کارهێنانی رێوشوێنی زانستی بۆ موتالاَ کردنی سیاسی هەروەك باقی موتالاَ کردن و خوێندنەوەکانی دیکە بە پێویست دەزانن و بۆ ئەو رێوشوێنە، ئەم خاڵانەی خوارەوەیان بە پێویست زانیوە کە دەبێ هەر رێوشوێنێکی زانستی ئەوانە لە خۆ بگرێ و خاوەن دارییان بکا.

١ـ تەعریفی دروستی ووشە زانستیەکان و مانا سەرەکیەکان

٢ـ بە دوادا چوون و لێکۆڵینەوە لە چوار چێوەی ئەگەرەکانی کە دەکرێ فێری بین و تەجروبە بکرێ

٣ـ قابیل بوونی دووبارەی لێکۆڵینەوەکان و بە دوادا چوونەکان

٤ـ دوور راگرتنی لێکۆڵنەوەکان لە خۆ بینییەکانی سەرچاوە گرتوو لە کەڵکەکانی کەسایەتی لێکۆڵەرەوە.

دبێ بڵەین تەنیا هەڵسەنگاندن و تەنیا رێگە ناتوانێ مەیدانی بەرینی زانستی سیاسەت وەك پێویست لێبداتەوە و هەڵسەنگێنێ، هەر بۆیە رێوشوێن ناسی گرینگی زۆری هەیە، چونکە دەبێ بە بەکارهێنانی رێوشوێنی پێویست دیاردە سیاسیەکان بخوێندرێنەوە. بە بێ بەکارهێنانی رێوشوێنەکان، ناسینی دیاردە سیاسیەکان سەختە، کەڵکی ئەو ئاکامانەش پێوەندی بە رێوشوێن و کارامەیی لە بەکارهێنانیەوە هەیە.

هەر چەند ووشەی ( رێوشوێن) (روش) چی پرسیارە و گومانی لە سەرە، بەڵام دکرێ ئەو ووشەیە بریتی بێ لەکارکردە عەقڵانیەکان و مەنتقی بیر و گەڕان بە دوای راستیەکان لە رێگەی زانستەوە هێندێك جار بە مانا فەننیەکەی، بۆ کۆکردنەوەی ئاکام و نەتیجەکان بە کار دهێندرێ، هەروەها لەوانەیە بە مانای لە خۆگرتنی دوروبەر بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بێ. لە زۆربەی کاتەکاندا رێوشوێن و بۆچوونی لێکۆڵەرەوەش دەردەخا.

***